## ئاگاداریی مشتەری لەبارەی مافەکان/نهێنیپاراستن

کاتێک لەم وەرگرتنە دا بەشداری دەکەیت (و ئەگەر لە داهاتوو ببیتە مشتەری) تۆ ئەم مافانەی خوارەوەت دەبێت سەبارەت بە پاراستنی نهێنیی زانیاریە شەخسیەکانت و پەیوەندیکردنەکانت لەگەڵ کارمەندەکانی PIRC و کەسانی خۆبەخش:

1. ئەو زانیاریانەی کە دەیاندەیت بە PIRC، لەوانە ناو، ناونیشان، ژمارە تەلەفۆن، و زانیاریی شەخسیی دیکە، ئەوەندەی یاسا ڕێگەی دەبێت وەکوو نهێنی دەپارێزرێن. بێجگە لەو حاڵەتانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ کراوە، ئەم زانیاریانە بێ ئیزنی تۆ نادرێن بە هیچ کەس و دەزگا و ڕێکخراوێکی تر.

2. تۆ دەتوانیت دیاری بکەیت کە چ زانیاریگەلێک بدرێن بە PIRC. ئەگەر بڕیار بدەیت کە هەندێ زانیاریی شەخسی نەدەیت، بێبەش ناکرێیت لە بەکارهێنانی خزمەتەکان.

3. پارێزەران و کارمەندانی PIRC دەبێ پابەند بن بە هەندێ ڕێسای ئەخلاقی، لەوانە **ئەرکی نهێنیپاراستنی** پاریزەر، واتە پارێزەران و کارمەندانی PIRC بێ ئیزنی تۆ ئەو زانیاریانەی کە داوتە پێیان نادەن بە هیچ لایەنێکی تر مەگەر 1) دادوەر فەرمانیان پێ بکات کە زانیاریەکانت ئاشکرا بکەن، لەوانە دادوەری کۆچبەری، یان 2) پێویست بێت زانیاریەکانت ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی ئەخلاقیی ڕاستگۆیی لە بەرانبەر دادگا بەجێ بهێنن، کە لە بواری کۆچبەری دا، یانێ ئەوەی کە هیچ وتەیەکی درۆ یان خەڵەتێنەر نەدەن بە دادوەر یان USCIS. هەرکات پێویست بێت کە پارێزەران و کارمەندەکان زانیاریی تۆ ئاشکرا بکەن، پێت دەڵێن، هەروەها پێت دەڵێن ئەم زانیاریانە کەی و لە کوێ ئاشکرا دەکرێن و چ بەشێک لە زانیاریەکانت دەدرێت بە لایەنی تر. لەم حاڵەتانە دا، PIRC تەنها ئەوەندەی کە یاسا فەرزی کردووە زانیاری دەدات و هەوڵ دەدات زانیاریەکان بە جۆرێک بدات کە کەمترین زیان بە تۆ بگات.

4. هەندێ زانیاریی گشتی لەبارەی جۆری ئەو خزمەتانەی کە پێشکەش دەکرێن و زانیاریی دیمۆگرافیی گشتی (وەک تەمەن، ڕادەی داهات، ژمارەی منداڵان، و نژاد و نەتەوە)ی ئەو کەسەی کە خزمەتەکانی PIRC بە کار دەهێنێت دەبێ بدرێت بەو ئاژانسانەی کە بوودجەی PIRC دابین دەکەن. بەڵام، ئەو زانیاریانەی کە بەتایبەتی ناسنامەی **تۆ** دەردەخەن، وەکوو کەسێک کە خزمەتەکانی PIRC بە کار دەهێنیت، نادرێت بە هیچ لایەنێک مەگەر خۆت بەتایبەتی نامەی ڕەزامەندیت بۆ ئەم مەبەستە دابێت.

5. دوای وەرگیرانی تۆ لای PIRC، دەتوانیت بڕیار بدەیت کە بۆ وەرگرتنی یارمەتی و پاڵپشتیی زۆرتر، بتنێرن بۆ لای دەزگاکانی تر یان پارێزەر، کە ئێمە لەگەڵ هەندێکیان هاوکاری دەکەین.

6. تۆ دەتوانیت دیاری بکەیت کە PIRC چەندە لە زانیاریە شەخسیەکانت بدات بە هەر لایەنێک کە ئێمە لەگەڵی هاوکاری دەکەین. بەگشتی، پێت دەوترێت کە هەرکام لە لایەنە هاوبەشەکانمان چ ئەرکێکی هەیە بۆ ئەوەی زانیاریەکانت وەکوو نهێنی بپارێزێت. ئەگەر بڕیار بدەیت کە لە PIRC داوا بکەیت هەندێ لە زانیاریە شەخسیەکانت بدات بە ڕێکخراوێکی هاوکاری ئێمە، بەوردی پێت دەڵێین کە چ زانیاریگەلێک و بە چ شێوەیەک دەدرێت بە ئەوان. هەرکات ویستت ئەو زانیاریانەی کە پێمانت داوە نەدرێت بە لایەنێکی هاوکاری PIRC، بەس پێمان بڵێ، ئیتر ئێمە هیچ زانیاریەکت نادەین بە ئەوان.

7. ئەگەر نیگەرانی یان پرسیارێکت لەبارەی ئەم ئاگاداریە یان مافەکانت هەیە، یان ئەگەر نیگەرانیت لەوەی کە زانیاریە نهێنیەکانت بە شێوەیەکی گونجاو بەڕێوە نەبرێن، تکایە بە ژمارە تەلەفۆنی 8099-600 (717) پەیوەندی بکە بە بەڕیوەبەری پرۆژەی کۆچبەرانی ڕزگاربووی PIRC.